نەپووابێ و نەسووابێ.

دەبێ ئەوەش بێنمەوە یاد کە سەرجەمی کتێبەکانی باوکم، بەکتێبی دۆعاکانیشەوە کە وادەزانم کتێبگەلێکی زۆر زۆر دەگمەن و دێرین بوون و باوەڕ ناکەم هاوتایان هەبێ، ونبوون و بەجۆرێك لەجۆرەکان تالانکران و لەناوبران.

***

من لەناو ئەو کتێبانەی باوکمدا چاوم تروکاندبوو، ژیانی پێغەمبەران و پیاوچاکان و سۆفییەکان و شاعیرانم لەو کتێبانەدا بەوردی خوێندبووەوەو هەریەکەو بەجۆرێك کاریگەرییان لەسەر ڕەوتی ژیانی خۆم و خشتەی ژیان و ئەزمونی شیعرم هەبوو.. هەر بۆ نمونە لەژیانی سۆفێکان و شیعری شاعیرە سۆفێکانەوە فێری ئەوە بووم کە بۆ یەکەمجار ئەزمونی شیعری سۆفیگەری لەسەرەتای حەفتاکانەوە بێنمە ناو جوغزی شیعری نوێی کوردییەوە کە ئەوەش بۆ من لەبواری شیعری کوردیدا دەسپێکێکی گەورە بوو.. هەروەها توانیم ژیانی هەندێ لەپێغەمبەرانی مەزن بەهەموو ڕاستی و ئەفسانەکانیانەوە لەشیعری خۆمدا وەکو جەڤەنگ و پاشینە بخەمە کار..

هەر بۆ نمونە لەگەڵ شیعرمدا لەبری ئەوەی وەکو بەدر شاکر سەیاب ژیانی خواوەندو پاڵەوان و زەرتەکەکانی گریك ڕەنگبداتەوە.. ژیانی شاعیرانی سۆفی و پیاوچاکان و هەندێ لەپێغەمبەران ڕەنگی داوەتەوەو بووە بەجەڤەنگ و زەمینەی کۆمەڵێ لەشیعرەکانم.. هەر بۆ نمونە ئەوەی زۆر بە وردی و وردبووەنەوەو تێڕامانەوە شیعرەکانم بخوێنێتەوە، هەست بەوە دەکات کە بەشێوەیەکی دژە لێکچوون کەڵکی زۆرم لەتەورات و ئینجیل و قورئانی پیرۆزو پەرەگرافە نەفەوتاوەکانی ئاڤێستا و کۆمەڵێ بەندو باوو ئەفسانەی ئایینی وەرگرتووەو لەگەڵ دەقی شیعرمدا بەکارم هێناوە.. ئەمە جگە لەوەی کە گەلێ هێماو ناو و جەڤەنگ و ئەفسانەی ئەورووپای ڕۆژهەلات و ڕۆژاوام لەگەڵ شیعرمدا بەرجەستە کردووەو هەندێکیان کەس بەر لەمن ئەو ناوانەیان شیعرئامێز نەکردووە.. هەر بۆ هێنانە یاد ناوی: ماوتسیتۆنگ و ماجەلان و ئارمسترۆنگ و لۆرکاو ئیلوارو باستیل و کۆلۆمبس و سوقرات و..هتد، ئەمە جگە لەبەکارهێنانی سەدان وشەو ڕستەی نوێ کە هیچ شاعیرێکی کورد لەکۆن و نوێدا پێش من بەم شێوەیە بەکاری نەهێناوەو ئێستا ئەگەر بەکاریش بێ، لاساییکردنەوەی منە.. هەر بۆنمونە:

1–دەرگای دیوارە لالە بێ بەردەکان.
2–ئاسمانە لەمێو گیراوەکان.
3–سەرەتای مێژووی خۆڵەمێش.
4–گلۆڵەی ژان.
5–برینە ڕەگ ئاگراویەکان.
6–پشت دەلاقەی خوێناوی بێ شوشەی مەرگ.
7–لافاوی هەورە سوێرەکان.
8–ئاوێنەی تەڵخ کەڕوو هەڵنەهێنێ.
9–شا لقی داری خەو.
10–شا لقی هەتاو.
11–تینوێتی گەردەلولەکان.
12–کپی و خامۆشی ماچێکی سامناك.
13–دەلاقەی شەختەی سەدەکان.
14–چرۆی ئاگر.
15–بلێسەی بێ خۆڵەمێش.
16–ئاگرەکەم ناتوێتەوە.
17–شەپۆلی خوێی شەو.
18–چپەی ڕەشایی ڕێگاکان.
19–تورەیی پەنجەرەکان.
20–گڕی بێ ڕەنگ.
21–باوێشکی شەو.
22–هەتاوی بێ گەڵای نوقمی سەهۆڵ.
23–کەنووە لەوشە گیراوەکان.
24–خوێی کەفی یادگار.
25–گلۆڵەی ناخۆشی.
26–سەهۆڵی چەرخی خەم و مەرگ.
27–فرمێسکی گەڵاکان.
28–پشت دیواری یادگار.
29–بنێشتی هەنگاوەکان.
30–هەردەی تەماوی گیان.
31–سەرەتای هێڵی وشە.
32–پارچەی بیرەوەری.
33–نیگای تاریکی.
34–قۆزاخەی کپی.
35–نهێنی هەوری بێ دەنگ.
36–فرمێسکی دارتەلی کۆلانەکان.
37–داری هەتاو.
38–هەڵەی گلۆڵەی مێژوو.
39–تەوری ڕەشەبا.
40–دارستانی پەرچەم...هتد.

دووبارەی دەکەمەوەو دەڵێم ئەو شاعیرانەی لەم جۆرە ڕستانە دەنووسن، بیانەوێ و نەیانەوێ لاسایی ڕێچکەی شیعری من و گرووپی شیعری کفری دەکەنەوەو لەئەڵقەکانی دیدا بەدوورو درێژی باسی ئەو گرووپەو هەوڵ و ئەزمونە نوێ و نوێگەرییەکەیان لە ئەتڵەسی شیعری نوێی کوردی دەکەم.

* * *

دەبێ ئەوەش نەشارمەوە کە من بەمنداڵی و هەرزەکاری زۆر شەرمن بووم و کچێکم بدیایە یا ژنێك، خۆمم لێیان دەشاردەوە ئەگەر بواری خۆشاردنەوەش نەبوایە، ئەوا لەسووچێکدا کرووشکەم دەکردو لەڕووم نەدەهات ڕووبەڕوو قسەیان لەگەڵدا بکەم، بەڵام لەناخەوە خەریك بوو شێت دەبووم بۆیان.. هەر لەبیرمە کچێکی ناسیاومان کە دایکی زۆر ئیتقانی بەدۆعای باوکم هەبوو، هەندێ جار کچەکە دەهات داوای کتێب و قەڵەم و هەندێ پێویستی قوتابخانەی دەکرد.. یاخود هەر لەخۆیەوە هەندێ پرسیاری ئاراستە دەکردم..و ئیتر منیش زۆر بەشەرمەوە وەڵامیم دەدایەوە، ڕۆژێکیان ئەم کچە بەخوشکە گەورەکەمی گوتبوو: ئەوە شێخ لەتیف بۆ ئەوەندە شەرمنە، بەخوا بچمە باوەشییەوە دەستم بۆ نابات، بەڵام سوێندی بەسەری هەردووکمان بۆ دەخۆم ئەگەرچی شەرمن بووم، ئەوەندەش بەستەزمان نەبووم کچ بێتە کۆشمەوەو دەستی بۆ نەبەم و من ئێستاش جوانی چاوە ڕەشەکانی و پرچە درێژەکەییم لەبیر نەچووەتەوەو لەبیر ناچێتەوەو هەر لەسەرەتای هەرزەکاریمدا واتا هەر لەدەوروبەری تەمەنی چواردەساڵیمدا پەیوەندی و ئەزمونی پاك و پاکژم لەگەڵ کچدا بووە، بەڵام تەنها خواو من و خۆی زانیومانەو مەحاڵیشە ئەو بابەتە بخەمە سەر کاغەز..

هەر لەبارەی شەرمکردنمەوە لەبیرمە کە بۆ قوتابخانە دەچووم یا کە لەقوتابخانەو بازاڕ دەگەڕامەوە، ئەگەر ژنان لەناو کۆڵان و بەردەرگادا بوونایە، بەخێرایی و گورج و گۆڵی تێدەپەڕیم و خۆم دەرباز دەکرد.. لەبیرمە جارێکیان ژنێکی جوان لەبەر دەرگادا وەستابوو هەر لەدوورەوە هاواری لێکردم و گوتی: شێخ لەتیف بەقورئانەکەی باوکت ئەگەر شەرم بکەیت و بەپەلەپەل بڕۆیت، دێم دەتگرم و ماچت دەکەم.. من لەدڵی خۆمدا زۆرم حەز دەکرد بێت و ماچم بکات، بەڵام ئەو گاڵتەی لەگەڵدا دەکردم و ژنێکی زۆر سەلارو سەنگین بوو.. زۆریش باوەڕو ئیتقانی بەدۆعاو چلەبڕو چاوەزارو دێوبەندی باوکم هەبوو.

هەر لەبارەی شەرمەوە لەبیرمە لەئامادەیی کفری کۆمەڵێ کچ قوتابی بوون و لەکاتی تاقیکردنەوەدا دوو دوو لەتەنیشت یەکەوە لەسەر تەخت و مێزێك دایاندەنیشاندن، وا ڕێکەوت ساڵێکیان کچێکی زۆر جوان بەتەنیا مایەوەو هێنایان لەلای مندا دایان نیشاند، گوایە من شەرمۆك و سەنگین و کوڕەشێخم، لەڕاستیدا لەدڵەوە وەختە بوو لەخۆشیدا شێت بم و بۆن و بەرامەی پرچەکەی هۆشی بردبووم و نەمدەزانی چۆن وەڵامی پرسیاری تاقیکردنەوەکان دەدەمەوە، ڕۆژێکیان داوای خەتکوژێنەوەی لێکردم.. ئەو داوایەی ئەوەندەی ماچێك خۆش و بەتام بوو.. گەلێ لەقوتابیان بەغیلییان پێدەبردم و دەیانگوت: خۆزگەم بەخۆت، چ ڕەخشێك لەلاتەوە دانیشتووە.. منیش لەدڵەوە شانازیم دەکردو خۆمم بە بەختەوەرترین قوتابی دەزانی، ئەی چۆن لەقوتابخانەیەکی گەورەدا تەنها من–لەتیف شێخ مەحمود شێخ محەمەد بەرزنجی– جێی باوەڕو متمانەم و جوانترین کچی قوتابخانەکەیان لەسەر تەختومێزێك کردووە بە هاوجووتی من.